# هۆكاره بونیادییەكانی جیاوازی جێندەری
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانیدا

**كوردستان عمر محمد و لقمان صالح كريم**

بەشی كاری كۆمەلایەتی، كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زاكۆی سلێمانی، سلێمانی ، هەرێمی كوردستان، عێراق

**كورتەی توێژینەوە:**

گفتوگۆکردن و وردبوونەوە لە بابەتی جێندەر یەکێکە لەو باسانەی کە لەڕۆژگاری ئەمرۆی كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا زیاتر جەختی لەسەر دەكرێتەوە وەك لە پێشووتر. هەرچەندە بابەتەكە بەپێی كۆمەڵ و كۆمەڵگەكان دەگۆڕێت بەلاَم خاڵی لەیەكچوون و جیاوازی بەبەردەوامی بوونی هەیە. دیارە كۆمەڵگەی كوردیش بەدەر نیە لەو كۆمەڵگەیانەی كە چەند فاكتەرو دۆخێكی دیاریكراو، كاریگەری و شوێندەستی خۆی لەسەر ئەم بابەتە هەیە. ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەڕەوشی ئێستەی ژنان و ئافرەتان لە هەرێمی كوردستاندا، لەبەر ڕۆشنایی و كاریگەری چەمكی جێندەریدا بخەینە بەر باس و توێژینەوە. بەمانەیەكی تر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو فاكتەرانە بخەینەڕوو كەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرەوپێشچوون یان دواكەوتنی ڕەوشی ئافرەتانەوە هەیە. پاشان لەناویاندا جەخت لەسەر رۆڵ و كاریگەری جیاوازی جێندەری دەكەینەوەو لەسەر ئەو بنەمایەی كە چۆن ئاڕاستەی ڕەوشی ژیانی ژنان و ئافرەتان بەرەو ئاڕاستەیەكی پۆزەتڤ یان نێگەتڤ هەنگاو هەڵدەگرێت .

توێژینەوەكە لەدوو دەروازەدا كۆكراوەتەوە. دەروازەی یەكەم لایەنی تیۆری توێژینەوەكەیە كە لە دوو بەش پێكدێت. بەشی یەكەم بریتییە لە پێكهاتە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە: كێشەو گرنگی و ئامانج و دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوەكە. بەشی دووەم: باسكردنە لەو هۆكارە بونیادیانەی كە جیاوازی جێندەری چڕتر دەكەنەوەو كارلەسەر ئەوە دەكەن كە جیاوازی جێندەری زیاتر زەق بكەنەوە. دەروازەی دووەمی توێژینەوەكەش لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەكە پێكدێت، بەشی سێیەم: باس لەچوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوەكە دەكات و میتۆدی كیومالّی كۆمەلاَیەتی بەكاردێت بەئامانجی خوێندنەوەی واقعی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە كە دۆخی ئافرەتانی كۆمەڵگەی كوردیە. سەرەڕای تیشك خستنەسەر كۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەكەو ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری و ڕاستگۆیی و جێگیری فۆڕمی توێژینەوەكەو ئامرازە ئامارییە بەكارهێنراوەكان. لەبەشی چوارەمدا: خستنەڕوو گفتوگۆكردنی ئامانج و ئەنجامەكانی توێژینەوەكەو زۆرڕێك لەو پرسیارانە وەلاَم دەدرێنەوە كە لەچوارچێوەی ڕەوشی ژیانی ئافرەتانی كۆمەڵگەی كوردی لەپەیوەندیدا بەجیاوازی جێندەرییەوە خۆیان مەلاَسداوە لەڕێگەی داتاو زانیاری ژمارەییەوە. هەروەها ئامانجەكانی توێژینەوەكە وەلاَمی خۆیان وەردەگرنء شیكاری ئامارییان بۆ دەكرێت. لەكۆتاییشدا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك, سەرچاوە زانستیەكان، پاشكۆكان و هەریەك لەكورتەی توێژینەوەكە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخرێنەڕوو.

چەمكە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە: بونیاد، ژن، جێندەر، كولتوور، سیاسەتی كۆمەڵگە.

**پێشەكی:**

گفتوگۆكردن لەسەر ڕەوشی ئافرەتان لەتەواوی كۆمەڵگەكاندا بەبەردەوامی پەیوەستبووە بە چەند بارودۆخێك و فاكتەرێكەوە، كە هەمیشە خاڵی لەیەكچوون و جیاوازی بوونی هەبووە تیایاندا، دیارە كۆمەڵگەی كوردیش بەدەر نیە لەو كۆمەڵگەیانەی كە چەند فاكتەرو دۆخێكی دیاریكراو كاریگەری و شوێن دەستی خۆی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ئێمەش لێرەدا دەمانەوێت لەڕەوشی ئێستەی ئافرەتان لەم هەرێمەداو گرنگترین هۆكارە بونیادییەكانی جیاوازی لە سەربنەمای جۆری كۆمەلاَیەتی بخەینە بەر باس و توێژینەوە. دیارە لەتەواوی كۆمەڵگەكانی دونیادا و بەتایبەت تریش لەكۆمەڵگە داخراوەكاندا باسكردن و ووردبوونەوە لەچەمكی جێندەری هۆكارەكانی و بەستنەوەی بەبارودۆخی ئافرەتان تارادەیەك تازەیەو زیاتر لەگەڵ دەركەوتنی كارو چالاكی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایەتیش ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتاندا بەدەركەوتن .

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 4، العدد 1(2018) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v4n1y2018.pp1-12
أُستلم البحث في 18 يناير 2018؛ قُبل في 8 شباط 2018
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 31 اذار 2018
البريد الإلكتروني للمؤلف : kurdstan.muhamad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2018 كوردستان عمر محمد و لقمان صالح كريم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو فاکتەرانە بونیادییانە بخەینەڕوو کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرەوپێش چوون یان دواکەوتنی ڕەوشی ئافرەتانەوە هەیە، پاشان لەناویاندا جەخت لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری جیاوازی جێندەری لەسەر ڕەوشی ئافرەتان دەکەینەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کەئاڕاستەی ڕەوشی ئافرەتان بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتڤ یان نێگەتڤ هەنگاو هەڵدەگرێت. هەروەها خودی ڕەوشی ئافرەتان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەیەکێك لەپێوەرە هەستیارەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگە دادەنرێ.

توێژینەوەکە لەدوو دەروازەدا کۆکراونەتەوە. دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە کە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بریتییە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە کێشەو گرنگیء ئامانجء دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە. بەشی دووەم باسکردنە لەو هۆکارانەی کە جیاوازی جێندەری چڕتر دەکەنەوەو کارلەسەر ئەوە دەکەن کە جیاوازی جێندەری زیاتر زەق بکەنەوە، دەروازەی دووەمی توێژینەوەکەش لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە پێکدێت، بەشی سێیەم باس لەچوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوەکە دەکاتء میتۆدی کێوماڵی کۆمەڵایەتی بەکاردێت بەئامانجی خوێندنەوەی واقعی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە دۆخی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردیە سەرەڕای تیشك خستنەسەر کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکەو ئامرازەکان کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاستگۆیی و جێگیری فۆڕمی توێژینەوەکەو ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان، هەروەها لەبەشی چوارەمدا خستنەڕوو گفتوگۆکردنی ئامانج وئەنجامەکانی توێژینەوەکەو زۆررێك لەو پرسیارانە وەڵام دەدرێنەوە کەلەچوارچێوەی ڕەوشی ژیانی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی لەپەیوەندیدا بەجیاوازی جێندەرییەوە خۆیان مەڵاسداوەو ئاتاجی وەڵامی زانستین بەداتاو ژمارە، هەروەها ئامانجەکانی توێژینەوەکە وەڵامی خۆیان وەردەگرن و شیکاری ئامارییان بۆ دەکرێت. لەکۆتاییشدا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك، سەرچاوە زانستیەکان، پاشکۆکان و هەریەك لەکورتەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخرێنەڕوو.

## بەشی یەکەم- پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەریەك لە کێشەو گرنگی وئامانجەکان و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بخەینەڕوو.

### یەکەم- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی هەر توێژینەوەیەك لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بابەتێك هەیە بیرو هۆشی توێژەری بە خۆیەوە سەقاڵ کردووە، دواتر دەبێتە شوێنی گرنگی پێدان و بیرکردنەوەی قووڵ لێی،بەڵام دەبێت ئەو بابەتە لەنێو کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و شوێنی تێبنیکردن و هەست پێکردن بێت، تاوەکو هزرو هۆشی توێژەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەڵبەتە بابەتی (هۆکارە بونیادییەکانی جیاوازی جێندەری)، یەکێکە لەو بابەتە هەستیارانەی کە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەهەر دۆخێکەوە هەنگاوبنێت بەرەو دۆخێکی باشتر پێویستە دەست بۆ دۆخی ژنان و ئافرەتان و گۆڕانکاری لەئایدیاو تەماشاکردن بۆ دۆزی ئافرەت بەرێت، نەك تەنها لەلای ڕەگەزی بەرامبەر بەڵکو ڕوانینی خودی ئافرەتانیش بۆ خۆیان، پێویستی بەوە هەیە سەرنج لەم جیاکارییە جێندەریانە بدات، لێرەشەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت هۆکارە بونیادییەکان چۆن بەشداری دەکەن لە فەراهەم هێنانی جیاوازی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و سەرئەنجامیش بوونی ئەم جیاوازیانە پرسە جێندەرییەکان زەقتر دەکەنەوە.

### دووەم-گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە کەلێرەدا جەخت لەسەر هەندێك لەو گرنگیانە دەکەینەوە:

- گرنگی تیۆری : بۆ ئەم گرنگییەی توێژینەوەکە تیشکمان خستۆتە سەر کۆمەڵێك بابەتی تیۆری کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهۆکارە بونیادییەکانی جیاوازی جێندەرییەوە هەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا و سوودمان لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کەبەشێوەیەکی ئەکادیمی باس لەم بابەتە دەکەن.
- گرنگی مەیدانی:خەسڵەتی سەرەکی توێژینەوە مەیدانییەکان وێنەکردنی واقعی کۆمەڵگەیە. ئێمەش لێرەدا گرنگی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەبینینەوە کەوێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ئەکادیمی بۆ هۆکارە بونیادییەکانی جیاوازی جێندەری لەکۆمەڵگەی کوردیدا بکێشێت لە سۆراغێکی مەیدانیدا.
- گرنگییەکی تری توێژینەوەکە لەوەدا دەبینینەوە کەباسکردن و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتی جێندەر لەئێستادا بۆتە بابەتێکی زانستی زۆر گرنگی پێدراو بۆ بەرەو پێشچوونی ژیانی کۆمەڵگەکان، لەبەر ئەوە دەکرێت دەستبردن بۆ ئەم جۆرە بابەتانە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە بەرەو بەرەوپێش چوونی ڕۆڵو پێگەی ئافرەتدا ببینن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

### سێیەم : ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

هیچ توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەبێ ئامانج نابێت، ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراوی هەیە کە هەردوو توێژەران مەبەستیانە وەڵامی زانستی بۆ بەدەست بهێنن لە گرنگترین ئەو ئامانجانەش:

1. دیاریکردنی دیارترین ئەو فاکتەرانەی بەرپرسیاریێتی بوونی جیاوازین لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا.
2. ئایا ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی هەست بەبوونی جیاکاری دەکەن لەسەربنەمای جۆری کۆمەڵایەتی؟
3. ئایا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لەمێژووی کارکردنیاندا توانیویانە چی بۆ ژنان و ئافرەتان بکەن؟

4. ئایا ژنان و ئافرەتان ڕوانینیان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان چۆنە لەنموونەی چوونە دەرەوەو جگەرە کێشاندا؟

5. دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان هاتنەدەرەوەی ژنان و ئافرەتان بۆ بەشداری کردنیان لەدانشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان لەگەڵ هەریەك لەگۆڕاوەکانی: (تەمەن، پیشە، باری خێزانی،ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێوی).

**چوارەم : دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

1. بونیاد (construct) : بونیادگەری وادەبینێت کە واقیعی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وەك بونیادێکی کۆمەڵایەتی خاوەن هەژموون و کاریگەرین لەسەر ڕوداوو دیاردەکان (دورتیە، 2009: 147)، کەواتە بونیادو بونیادی کۆمەڵایەتی دەبنە ئەو چوارچێوە ڕێکخراوەی ڕەفتاری تاکەکان دیاریدەکات و پێکدێت لە کۆمەڵێك سستمی کۆمەڵایەتی (حامد،2012: 102-103) لێرەوە دەکرێت بڵێین بە هۆی بوونی هەژموونی زۆری ماکرۆستراکتۆرەکان لە کۆمەڵگەدا، سستمەکان دەبنە بەرپرسی یەکەمی سەرهەڵدانی دیاردەی جیاوازی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و بەو پێیەی تاك لە ناو ستراکتۆرەکاندا دەبێتە وێنەیەکی بچوککراوەی ناو کۆمەڵگاکەی، هەڵبەتە مەبەست لە هۆکارە بونیادییەکان لەم توێژینەوەیەدا کلتورو ئاین بونیادەکانی ئابووری سیاسی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

2. ئافرەت یان ژن (Women) : فەیلەسوفی فەرەنسی(سیمۆن دی بۆڤوار1908-1986) لە ڕوانگەی جێندەرییەوە پێناسەی ئافرەت دەکات بەو بونەوەرەی کە دیاردەیەکی سروشتی نین، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوورین، بۆ ئەم مەبەستەش پێی وایە کە لەناو هەلو مەرجێکی کلتووری و کۆمەڵایەتیدا ئەم بوونەوەرە دەبێتە ئافرەت، هەر لەسەر ئەم بابەتەش(دیبۆڤوار)بەرستە بەناوبانگەکەی دەناسرێتەوە کە بەبەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە(تۆ وەك ئافرەت لەدایك نابیت، تۆ دەکرێیت بەئافرەت)(قانع،2006: 160)لێرەوە مەبەستمان لە ئافرەت ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەیە کە لە ڕوانگەی جێندەرییەو ڕۆڵ و پێگەی لە کۆمەڵگەدا دیاریکراوە.

3. جێندەر (Gender) : ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی ئەم چەمکە دەکات بەو سیفات و خەسڵەتانەی کە نێر و مێ هەڵگرین لەتێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتیدا، کەهیچ پەیوەندییەکیشی بە جیاوازییە ئەندامییەکانەوە نیە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە (أبوریاش وأخرون،2006، 222). هەروەها ئەم زاراوەیە لە کۆمەڵناسیدا بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە کە ئاماژەیە بۆ بەرهەمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تایبەت بە هەردوو ڕەگەزەکە لەدوو ئاستی تایبەتمەندی جیاوازدا کە نێرو مێیە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەش لەخۆوەنیە، بەڵکو ڕێکخراوە بەپێی کلتووره جیاوازەکان،هەروەها شیاوی گۆڕانە بەپێی گۆڕانی چەمك و کلتووروکات و شوێن(أبوریاش وأخرون،2006: 306-307)، لە لایەکی دیش جێندەر پێناسەکراوە بەو چەمکەی کە دەگەڕێت بەدوای ئەو پەیوەندییە تێکهەڵکێشانەی لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندان لەکۆمەڵگەدا، کە هۆکارگەلێکی جیاواز زاڵە بەسەریدا وەك ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژینگەییەکان لەڕێگەی کاریگەریان لەسەر بەهای کار لە ڕۆڵەکانی وەك وەچە خستنەوەو بەرهەمهێنان کەهەردوو ڕەگەزەکە پێی هەڵدەستن(حوسو،2009: 223).

بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین جێندەر بریتییە لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ڕەگەزەکان لە چوارچێوەی کلتوروئاین سیاسەت و دۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لە سەر بنەمای جیاوازی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی بەندە.

## بەشی دووەم- هۆکارە بونیادییەکانی جیاوازی جێندەری:

قسەکردن لەسەر جیاوازی جێندەری، قسەکردنە لەسەر بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵایەتیانەی ڕەگەزەکان، ئەمەش بۆخۆی دیاردەیەکی مێژووییەو ئەو هێزەیە کەلە پشت بەنێرینەکردن و مێینەکردنی تاکەکەسەکانەوەیە، ئەوەی لە میانی ئەزمونی مێژوویدا دەرکەوتووە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام هێزی بە نێرینەکردن زاڵ بوون (سیوەیلی، 2010: 110) دیارە ئەمەش بێ هۆکار نەبووە، چ لە سەر ئاستی تاك یاخود لە سەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگە و هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لەم توێژینەوەیەدا پێی لەسەر دادەگرین، هۆکارە بونیادییەکانن، ئەمەش بەواتای قسەکردنە لەسەر گرنگترین ئەو ماکرۆستراکتۆرانەی کە بەرپرسی یەکەمن لەجیاوازی جێندەریدا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش -:

### یەکەم- بونیادی کلتوری و ئاینی

کلتور وەك کۆیەکی ئالۆز لە ئاین و داب و نەریتەکان پێك دێت، کە مرۆڤایەتی لە میانی ئەزمونی خۆیدا پێکی هێناون، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە دۆخی غەریزی بێتە دەرو قۆناغی سروشتی بەرەو ژیار و پێکهێنانی دەوڵەت بەرێ بخات، لێرەدا تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان وازیان لە بەشێك لە ئازادییەکانی خۆیان هێنا بۆ دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە بژین، ئەم پێکەوە ژیانەی ناونراوە کلتور و دواتر بووە خەزێنەی مەعنەوی و چەمکی ڕۆحی نەتەوەیی هەر گەلێك (جیهانبەگلو،2010: 131) لێرەوە دەکرێت دوانەیەك لە دایك ببێت کە کەلتور بەشدارە لە دروستکردنی دەوڵەت و دەوڵەتیش بێ کاریگەری نی یە لەسەر کەلتور. جێگەی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی کەلتوری کورد، بەشێوەیەکی گشتی کەلتورێکی تا ڕاددەیەك لێبوردەیەو ڕۆژهەڵاتناسان شایەتی بۆ دەدەن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دوچاری کۆمەڵێك گرفت بۆتەوە کەوای لێکردوە وەکو پێویست نەتوانێت پەیامی مرۆڤ دۆستانەی خۆی بگەیەنێت و مرۆڤێکی مەدەنی بخولقێنێت، لە گرنگترین ئەو کێشە کلتوریانە:

1. لە کەلتوری کوردیدا ئەوەندەی حساب بۆ ڕۆڵ و پێگەی گەورەساڵان و هۆکارە بابەتییەکان دەکرێت، ئەوەندە حساب بۆ عەقڵیەت و توانا زاتیەکانی مرۆڤ ناکرێ (سیوەیلی، نەتەوەو حەکایەت، 2008: 322)، ئەمەش وادەکات ڕۆڵ و پێگە جێندەریەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن بەشێوەی هەڕەمی دابڕێژرێن، لەگەڵ ئەوەی هەندێك ئافرەت توانیویانە بگەنە پێگە گرنگەکانی دەسەڵات، بەڵام ئەمانە حاڵەتێکەلێکی کەم و ئاورتە بوون.

2. پێکدا چوون و تێکەڵاوبوونی کلتورو ئاین، بە جۆرێك ئێستا کەلتوری بە ئاین بوو، ئاینی بە کەلتور بووەمان هەیە، لە نموونەی خەتەنەکردنی ژنان و ژن بە ژن و بە زۆر بە شودانی کچان و کوشتن لەسەر شەرەف. ئەمەش پرۆسەی گۆڕانکاری لە دابو نەریتەکان گرانتر دەکات، چونکە مرۆڤەکان هەندێك لەم داب و نەریتانە بە ئاین دەزانن، ناتوانن یاخود ناوێرن دەستبەرداریان ببن هەر لەبەر ئەم هۆکارە کاریگەرەیە کە کەلتورو ئاینمان پێکەوە باسکردووە لە گەڵ ئەوەی جیاوازن بەڵام لە زۆر جومگەی ژیاندا تێکەڵی یەکتری دەبن و ئاسان نییە بتوانین جیایان بکەینەوە.

3. کاریگەر بوونی کەلتوری کوردی بە کەلتوری عەرەبی(عێراقی)، کە تا رادەیەك کەلتورێکی بەدەوی و بیابان نشینە، خاوەنی توێکی توندی دژ بە ژنانە، بە حوکمی لکاندنی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە لە 100 ساڵی رابردودا، وای کردوە هەندێك لە داب و نەریتە عەرەبیە بەدەویەکان بخزێنە ناو کلتوری کوردەواری، لە نموونەی ئەم کەلتورە شوشتنەوەی شەرەف واتە (غسل العار)، حەلیم بەرەکات نوسەری ناوداری عەرەب دەڵێت "کەلتوری عەرەبی کەلتوری هەستکردنە عەیب و عار(الشعور بالعار)، لە کاتێکدا کەلتوری خۆرئاوا کەلتوری هەستکردنە بە گوناه" (برکات،2006: 351)، کە تاکو ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی باجی ئەم نەریتە خراپە دەدات، شایەنی باسە دەزگای صندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان مەزندەی دەکات کە ساڵانە 5000 ژن بەناوی شەرەفەوە دەکوژرێن، بە زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا، هەروەها هەندێك جار لە ئەوروپادا(بەگیخانی، 2010: 10).

4. کەلتورو زەینیەتی کۆمەڵگای کوردی کەلتورێکە زیاتر لەسەر رابردوو دەژی، نەك ئەوەی پێویستە چی بکەین بۆ داهاتوو، نوستالیژیا "لاواندنەوەی رابردوو" بەشێکی زۆری زەینی کۆمەڵگەی کوردی داگیر کردوە و ئەمەش ڕێگرێکی گرنگە لە بەردەم داهاتوو بینین و ئایندە خوازیدا، بینین و کارکردن بۆ دروست کردنی مێژوو لە ناو داهاتودا، (سیوەیلی، ترسان لە فەلسەفە، 2008: 89)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وادەکات کە پرۆسەی گۆڕانکاری کەلتوری خاوتر بێتەوە و بەزیان بشکێتەوە لەسەر یەکسانی جێندەری.

5. رۆڵە جێندەرییەکان: بە شێوەیەکی باو، رۆڵی جیندەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڕوونی دیاریکراوە، ژنان کابان و دایکن، کە ئاگایان لە ماڵ و خێزان دەبێت، پیاوانیش باوك و سەرداری خێزانن، ژنان پێگەی نزمتریان هەیە لە ناو هەرەمیەتی خێزاندا، چونکە پیاوان بەسەر بواری تایبەتی خێزاندا زاڵن، بڕیارە داراییەکان زیاتر لەدەستی پیاودان، بەتایبەتی لە ناو خەڵکانی نەخوێندەوارو گوند نشین و خێڵەکیدا (بەگیخانی، 2010: 17). بوونی ڕێژەی زۆری منداڵان. کەمی ئاستی خوێندەواری بەڵگەی بوونی نابەرابەری و پێگەی لاوازی ئافرەتانە (Moghadam.2003: 4). کەواتە دەکرێت بڵێین کێشەی کەلتور لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤی کورد دەیەوێت بە هەندێك لە بەهاو نەریتە کۆنانە رووبەروی گۆڕانکاریە ئابووری و سیاسی و کەلتوری و تەکنەلۆژیەکان بێتەوە، لێرەوە دژیەکێك لە نێوان کەلتورو گۆڕانکاریەکان سەر هەڵدەدات کە نەوەی نوێ کار بە پێوەرە نوێکان و نەوەی کۆنیش کار بە کەلتور دەکەن.

هاوکات بەردەوام بەها خێزانییەکان لەلایەن کەلتوری گشتی کۆمەڵگەوە ئاراستەیان پێدەدرێت لە رێگەی کەناڵەکانی پێگەیاندنی خێزانیەوە ئەندامەکانیان لەسەر ئەم ئاراستەیە رادەهێنێت، تەنانەت بەشێك لە کردە توندوتیژییەکان دژ بە ئافرەتان کە لە لایەن خێزانەکانەوە پیادە دەکرێن، دەرەنجامی کاریگەری کەلتوری گشتی کۆمەڵگەیە، بەو پێیەی هەروەك زانای دەروونناسی ئەڵمانی "ئێرك فرۆم" دەڵێت"خێزان بریکاری دەروونی کۆمەڵگەیە" (فرۆم،199: 87)، واتە بونیادی خێزانی گوزارشتە لە سایکۆلۆجیای گشتی کۆمەڵگە، ئیدی لێرەوە کێشە کلتوریەکان درێژ دەبنەوە بۆ ناو دامەزراوەی خێزان و بەردەوامی بەم گرفتانە دەدرێت.

سەرەڕای ئەم کێشانەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هاوکات ئەم کەلتورە خۆشی لە دژیەکیەکی دژواردا دەژی و کەوتۆتە نێوان بەرداشی سەلەفیەت و نوێگەری، هاوکات بە گشتی میدیا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نەیتوانیوە کەلتورێکی تایبەت بە دیبات و گفت و گۆی عەقڵانی دروست بکات و رای گشتی بە جۆرێك ئاراستە بکات کە بەرەو رووی داب و نەریتە باوەکانی جێندەر بێتەوە (بەگیخانی، 2010: 57)، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم کەلتورە و ئاینیش تاکو ئێستا حزورێکی کاریگەری هەیە و نەتوانراوە وەو پێویست سستمێکی پەروەردەیی کاریگەر داڕێژین کە لە توانایدا هەبێت کاریگەری لەسەر کەلتورو ئاین هەبێت و وایان لێ بکات زیاتر لەتەك پرسەکانی ئافرەتان دەستو پەنجەیان نەرم بێت.

## دووەم: بونیادی سیاسی

سستمی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی، سستمێك بووە پشت ئەستور بە پیادەکردنی هێز و دەسەڵات و توندوتیژی، ئەم سستمە نەك هەر نەیتوانیوە کار لەسەر کەم کردنەوەی توندوتیژی و جیاوازی جێندەری بکات، بەڵکو خۆشی بەرهەم هێنی سەرەکی توندوتیژی و کوشت و بڕ بووە، لەساڵانی (1958-2003)، کۆی ئەو حکومەتانەی لە عێراقدا هەبوون بە کودەتا و جەنگ هاتوونەتە سەر حوکم و بەهەمان شێوازیش لەدەسەڵاتندا نەماون، واتە سستمی سیاسی زۆرینەی کات بەرهەمی کودەتای سیاسی بووە.

(صدام حسین) سەرۆك کۆماری عێراقی پێشوو لە تەمەنی حوکمڕانی خۆیدا، سستەمێکی سیاسی دروست کردبوو کە مەرگ یەکێك بوو لە پێکهاتە سەرەکیەکانی، سستمێك تیایدا خەڵك لە شوێنی دیارو نادیاردا دەکوژران، کاری سەرەکی ئەم سستمە تۆتالیتارە نۆرمالیزەکردنی مەرگ بوو، ئەم سستمە بەر لەوەی بەرهەمی پەیمانی کۆمەڵایەتی "social contract" بن، بەرهەمی بونیادێکی خێڵەکی بیاننشینی خێڵەکی بوون، سستمێك نێر سالار، ئەم سستمە لەسەردەمی حوکمڕانی خۆیدا زیاد لە نیو ملیۆن کوردی کوشتووە (صالح، 2006: 39). هەڵبەتە بە پلەی یەکەم بزوێنەرو سوتەمەنی سەرەکی ئەم جەنگ و کوشتن برینە پیاوانن، بەڕای سیمۆن

دۆبوڤوارو ئۆلیفا براسفێلد، هۆیەکی گرنگی بوونی گرێی سوکایەتی لای ژنان ئەوەیە، کە ژنان بە پێی سونەت بەشداری جەنگ ناکەن "لە جیهانی مرۆییدا نەك جنسی گیان سکپڕ"ئافرەتان"، بەڵکو جنسی گیانستێن"پیاوان"، بە سەروتر و بەرزتر دەزانرێت و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی پێدەدرێت(بۆتۆل، 2006: 75) . ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەی سستمی سیاسی پشتئەستور بە چەك، کۆمەڵگەی چەکدار کرد، وای کرد لە زۆرینەی ماڵەکاندا چەك ئامادەیی هەبێت، بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی پشتبەستو بە کاری مەیدانی زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستاندا تفەنگیان هەیە، بۆ نموونە لە ساڵی 2008دا، (165) ژن بە تەقە و لە ڕێگەی چەکەوە کوژراون(بەگیخانی، 2010: 34). لێرەوە نێرسالاری و وابەستەکردنەوەی بە سەرکەوتن و جەنگ، براوەو دۆڕاو هێندەی تر جیاوازییە جێندەرییەکان تۆخ دەکاتەوە، ئەم چەکەی ئیمڕۆ، گەر نەشتوانین بە توخمێکی کەلتوری ماددی نەتەوەیی کوردی دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین چەك بۆی بووە بە بەشێك لەو کەلتورەی پێی دەگوترێ کەلتوری ژیان زامن کردن"subsistence culture"، چونکە چەك لێرەدا ئامێرێکی خۆپارستن، خۆ چەسپاندن و خۆ نواندنیەتی(میران، 2010: 20). لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پاشخانی بەڕێوەبردنی سستمی سیاسی پاشخانێکی نێر سەنتەر بووە، هێندەی کاری لە سەر چەمکی " شەرەف، پیاوەتی " کردوە، هێندە کاری لەسەر چەمکەکانی " یەکسانی، جێندەر" نەکردووە، بەڵام ئەوەی تا ڕاددەیەك لە بواری سیاسی و جەنگدا هاوکێشەکەی ڕاست کردۆتەوە بریتییە لە بەشداری ڕاستەوخۆی ژنان لە جەنگی دژ بەداعشدا.

**سێیەم : بونیادی ئابووری**

تیۆریای فەیلەسوفی ئەڵمانی "کارل مارکس"، پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرێت کە ئابووری بزوێنەری مێژوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لێرەشەوە ئابووری دەبێتە ژێرخانی کۆمەڵگە و ڕەنگڕێژی سەرخان دەکات لە گەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان سەرخان و ژێرخاندا هەیە، دیارە کە مەبەست لە سەرخان کەلتورو فەرهەنگ و پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەوەختێك کە لە فەلەسوفی فەرەنسی " مێشێل فۆکۆ " پرسیار دەکەن، رات چۆنە بەرامبەر بەو تیۆرایەی "مارکس" کە دەڵێت ئابووری هەمو شتەکانی کۆمەڵگە دەبزوێنێت؟ لەوەڵامدا وتبوی، وایە، بەڵام ئەوە خەڵکین وایان لێ کردووە (غریب، 2009 : 80).

جێگەی سەرنجە فاکتەری ئابووری و زاڵبوونی جیهانی سەرمایەداری وای کردوە زۆرێك لە بەها واتاییەکان بکاتە بەهای کاڵایی لێرەشەوە نرخی مرۆڤ یەکسان دەکات بە ژمارەی ئەو پارەو پوڵەی کە لە بانکەکاندا هەیە، یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی سەرمایەدارانی وڵاتی ئێمە ئەوەیە کە تێگەیشتنیان بۆ سەرمایە، تەنیا لە ئاستە ئابورییەکەیدا قەتیس ماوە، کە دەتوانن بە پارە کەل و پەل بکڕن و بە قازانج بیفرۆشنەوە، واتە بێ خەبەرن لەوەی چۆن سەرمایەی مادی بکەنە سەرمایەی ڕەمزی و کەلتوری (سیوەیلی، بۆردیۆ، 2010: 336). لێرەوە ئەو مرۆڤەی لەم فەزا ئایدۆلۆژیەدا دێتە دونیای بوونەوە دەبێتە مرۆڤی " هۆمۆ ئیکۆنۆمیس " واتە فۆکەسی لەسەر هێزی ئابوری و کاریگەرییەتی بەسەر بوارەکانی تری کۆمەڵگەوە، لەناویشیاندا جیاوازی جێندەری بەو پێیەی ئافرەتان بە بەراورد بە پیاوان پێگەی ئابووری لاوازتریان هەیەو لە هەندێك باریشدا وەك پاشکۆی پیاوان تەماشا دەکرێن،بۆ نموونە ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە کۆی گشتی کارمەندان لە عێراقدا لەنێوانساڵانی (1980-1990) دەکەوێتە نێوان 08-11 % (moghadam.2003: 51 ) دیارە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەراورد بە کۆی ڕێژەی کارمەندان و ئەم ئاستە لە دوای ساڵانی 2000 ەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، شایەنی باسە بیرمەندی فەرەنسی ، ڕۆجی گارودی وادەبینێت کە پیرۆز ڕاگرتنی بازاڕو بەسەنتەر کردنی ئابوری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا برەو بە توندوتیژی ناپاکی و زۆرێك لە دیاردەکانی دی دەدات (عاملی و اخرون، 2011 : 215)، دیارە ئەمەش بە بەرژەوەندی یەکسانی جێندەری کۆتایی نایەت.

کۆتایی ئەم بەشە دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە کلتوری کۆمەڵایەتی و ئاینی و ستراکتۆری سیاسی و بونیادی خێڵەکی کۆمەڵگەی کوردی و تێك گیرانییان لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیەکان و لاوازی میکانیزمی بەڕێوەچوونی یاسا و لەمپەری گەورە و ئاستەنگی کاریگەرن، لە هەمبەر بەرەو پێش چوون و پیادە کردنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ئافرەت بە تایبەتی، لە لایەکی دیش کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم گۆڕانکاریدایە و ئیرادەیەکی گشتی هەیە بۆ گۆڕانکاری، وادەردەکەوێت لە ئایندەدا ئاراستەی دووەم زاڵ بێت کە خزمەتی زیاتر بە پرسە جێندەرییەکان دەکات.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە / چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەردوو توێژەر هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی زانستیانە تیشك بخەنە سەر هەریەك لە میتۆدی بەکارهاتوو، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو چۆنیەتی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکەو، بوارەکان و ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

میتۆدی توێژینەوە: لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ناساندنی هۆکارەکانی جیاوازی جێندەرییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە پێویستدەکات زانیاری میدانی لەسەر ئەم بابەتەو لەواقعی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بەمیتۆدی کیومالی کۆمەڵایەتی دەکات، کەلەتەواوی هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا شوێنی دیاریێت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە ئافرەتانی شاری سلێمانی، بە وانەی کەچوونەتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەوانەش کە هێشتا پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوەو تەمەنیان (18) ساڵ و بەرەوژوورە.

نمونەی توێژینەوەکە: پێکهاتووە لە (144) ئافرەت، کەبەپێی یاسای(مۆزەر) وەرگیراون بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوە. خەسڵەتی سەرەکی بەکارهێنانی ئەم یاسایەش لەکاتی نەبوونی سەرژمێرییەکی وورد لەسەر بابەتەکە یان نزیکی خەسڵەتە سۆسیۆدیمۆگرافییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، هەردوو هۆکارەکەش لەم نمونەیەدا تاڕادەیەکی باش بوونی هەیە بۆیە ئەم یاسایەمان بەئاستی متمانەی (95% کەبەرامبەر بە1.96 دەبێت لەخشتەدا). هەروەها گریمانەکردنی لادانی پێوەری کۆمەڵگەی توێژینەوە بەبەهای(12) پلە بۆ ئافرەتانی شاری سلێمانی و پلەی دەلالەتی(2+). لەئەنجامدا قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە(144) یەکە دەردەچێت. هەروەها جۆری نمونەکە(هەرەمەکی سادە)یە، خشتەی(1) خەسڵەتەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەو بەتاڵکردنەوەی فۆڕمەکان.

خشتەی(1)خەسڵەتە سۆسیۆدیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | دابەشبوونی گۆڕاوەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | (35- 18) | 77 | %53،47 | 144 |
| | (53 -36) | 51 | %35،41 | |
| | (61 -54) | 16 | %11،11 | |
| پیشە | فەرمانبەر | 113 | %78،47 | 144 |
| | ژنی ماڵ | 31 | %21،52 | |
| باری خێزانی | ڕەبەن | 30 | %20،83 | 144 |
| | خێزاندار | 104 | %72،22 | |
| | جیابووەوە | 3 | %2،08 | |
| | بێوەژن | 7 | %4،86 | |
| ژمارەی ئەندامانی خێزان | (6 - 2) | 114 | %79،16 | 144 |
| | (11 - 7) | 30 | %20،83 | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | 14 | %9،72 | 144 |
| | دةخويَنيَت و دةنوسيَت | 7 | %4.86 | |
| | سەرەتایی | 31 | %21،52 | |
| | ناوەندی و دواناوەندی | 43 | %29،86 | |
| | زانکۆوپەیمانگە | 47 | %32،63 | |
| | خوێندنی باڵا(ماستەر/دکتورا) | 2 | %1،38 | |
| باری بژێوی | باش | 23 | %15،97 | 144 |
| | ناوەند | 101 | %70،13 | |
| | خراپ | 20 | %13،88 | |

**بوارەکانی توێژینەوەکە:**

.1 بواری شوێنی: بواری شوێنی یان جوگرافیای توێژینەوەکە بریتییە لە شاری سلێمانی.

.2 بواری مرۆیی: ئافرەتانی شاری سلێمانی لەخۆدەگرێت کەتیایدا نمونەیەکی (144) یەکەیی لێوەرگیراوە.

.3 بواری کاتی: واتە ئەو ماوەیەی بۆ ئەنجامدانی کارەمەیدانییەکان پێویستبووە، کە لەبەرواری (2017/3/15) بۆ (2017/6/15) ی خایاندووە.

**ئامرازەکانی توێژینەوەکە :**

فۆڕمی ڕاپرسی: لەسەر ئەو بنەمایەی کەفۆڕمی ڕاپرسی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ توێژینەوە مەیدانییەکان، هەستاین بە ئامادەکردنی فۆڕمێکی ڕاپرسی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە، کەخۆی لەکۆمەڵێك پرسیاری گشتی و تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکەدا دەبینێتەوەو، هاوکاری سەرەکیش بۆ بونیادنانی فۆڕمەکە هەبەك لە سەرچاوە زانستییەکان و توێژینەوە پێشوویيەکانبوون، لەسەر بابەتی هۆکارەکانی جیاوازی جێندەری و ئەو بابەتانەی کەنزیکبوون لەبابەتی توێژینەوەکە، هەروەها پاش دانانی پرسیارەکانی نێو فۆڕمەکە، بۆ ئەوەی فۆڕمەکە خەسڵەتی زانستی بوونی خۆی لەدەستنەدات هەستاین بە ئەنجامدانی دوو هەنگاوی سەرەکی، ئەویش دەرکردنی ڕاستگۆیی و جێگیری بوو بۆ فۆڕمەکە :

أ- ڕاستگۆیی : هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوە مەیدانییەکانە، چەند جۆرێك لەڕاستگۆی بوونی هەیە و هەردوو توێژەر لێرەدا ڕاستگۆی ڕواڵەتییان بەکارهێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمی توێژینەوەکەیان دابەشکردووە بەسەر کۆمەڵێك لەپسپۆڕان و شارەزایانی بواری توێژینەوەی ئەکادیمی، بۆئەوەی ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر تەواوی پرسیارەکان بخەنەڕوو، خشتەی(2) ڕای شارەزایان سەبارەت بە فۆڕمی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو،پاشکۆی (1) ناوی شارەزایان و پسپۆڕیانی تێدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(2)ڕای شارەزایان سەبارەت بەپرسیارەکانی فۆڕمی توێژینەوەکە

| ژمارەی تایبەت بەپرسیارەکان | ژمارەی پرسیار | ژمارەی ئەو پسپۆڕانەی قبوڵیانکردووە | ڕێژەی قبوڵکردن | ڕێژەی سەدی قبوڵکردن | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|
| لەپرسیاری (1-27) جگە لەپرسیارەکانی (9،7، 11، 14،21،22، 23،27) | 19 | 5 | 5/5 | %100 | گونجاو |
| (7، 9، 11،23) | 4 | 4 | 5/4 | %80 | گونجاو |
| (14،21،22، 27) | 4 | 3 | 5/3 | %60 | گونجاو |

ب. جێگیری: بۆ مەبەستی جێگیر کردنی فۆڕمی توێژینەوەکە هەستان بەبەکارهێنانی ڕێگەی دووجار دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر نمونەیەکی(12)یەکەی، لەئافرەتانی شاری سلیمانی پاش بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (سپێرمان)، دەرکەوت کەبەهای پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو دابەشکردنەدا(0.84)بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەفۆڕمەکە شیاوی جێگیرکردنە.

**ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :** بۆ مەبەستی دەرکردنی ئەنجامەکان و وەڵامدانەوەی زانستیانەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەپێی داتاو زانیاری ئاماری هەستاین بەبەکارهێنانی چەند یاسایەکی ئاماری و هەروەها بەرنامەی (SPSS) لەداغڵکردنی داتاو زانیارییەکاندا:

1. یاسای مۆزەر بۆ دەرکردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە.
2. یاسای سپێرمان بۆ مەبەستی دڵنیابوون لەجێگیری فۆڕمی توێژینەوەکە.
3. یاسای (کا)بۆ دۆزینەوەی ئەگەری بوونی جیاوازی لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا.

.4

## بەشی چوارەم- خستنەڕوو گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی دروست بخەینەڕوو، لەڕێگەی وەڵامدانەوەی یەك بەیەکی ئامانجەکانی توێژینەوەکەو هەروەها گفتوگۆکردن و شیکردنەوەیان:

**ئامانجی یەکەم:** دەستنیشان کردنی دیارترین ئەو ووردە فاکتەرانەی کە بەرپرسی جیاوازی جێندەرین لەکۆمەڵگەی کوردیدا. مەبەست لە دیاریکردنی ووردە فاکتەرەکای بەرپرس لە جیاوازی جێندەری بەدەر لە فاکتەرە گەورەو دیارەکان ئەوەیە کە لە پشت هەموو فاکتەرە دیارەکانی وەك(ڕامیاری،کۆمەڵایەتی،کلتووری......) چەند ووردە فاکتەرێك ئەشێَ بوونی هەبێت و خۆی مەڵاس دابێت کەئێمە لێرەداو بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو وەك لە خشتەی(3)دا خراونتەڕوو هەندێکیانمان دەستنیشان کردووەو دواتریش کەمێك بەدوورو درێژی ئاماژەمان پێداوە، کە دۆزینەوەو ئاماژەپێدانیانمان بە پێویسترزانی چونکە لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا باسمان لە زۆرینەی فاکتەرە سەرەکیەکان کردبوو کە تاڕادەیەکی زۆر هەمووان دەیزانن بەڵام ئەوەی کەمتر زانراوەو ئاشنایەتیان پێیەتی ووردە فاکتەرەکانە. بۆ وەڵامدانەوەی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە، هەریەك لەپرسیارەکانی(10، 11، 12، 13، 20، 23)بەشداری دەکەن بەپێی ئەو وەڵامانەی کەلێتوێژەران بۆ تەواوی ئەو(6) پرسیارە،داویانەتەوە. هەروەك لەخشتەی(3) خراوەتەڕوو:

خشتەی (3) دیارترین ووردە فاکتەرەکانی بەرپرس بۆ جیاوازی جێندەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا

| فاکتەرەکان | ژ.پرسیار | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ڕای ژنان لەسەر پێویستی بوونی چەك لەماڵدا وەك ئامرازێك بۆ خۆپارێزی. | 23 | %81،25 |
| دیارترین ئەو دۆخە نەخوازراوانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە تێبینیدەکرێت (فرەژنی)یە لەئێستادا. | 13 | %72،91 |
| وەسفکردنی کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاری لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە لە ئێستادا. | 12 | %59.72 |
| سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا ڕێگە خۆشکەربووە بۆ دروستبوونی جیاوازی جێندەری. | 20 | %53،47 |
| ڕێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە داکۆکی کار بن لەسە مافەکانی ژنان. | 10 | %55،55 |
| ئافرەتان لەکۆمەڵگەی کوردیدا نەیانتوانیوە بگەنە پێگە گرنگەکانی دەستەڵات. | 11 | %50 |

بەپێی ئەنجامی بڕگەی (1) لەنێو خشتەکەدا، کەبەڕێژەی(81،25%)ی، لێتوێژەران وەڵامیان داوەتەوە بەو شێوەیە، بۆمان دەردەخات کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا تائێستاش گرنگی دەدرێت بەبەکارهێنانی چەك و بەپێویست دەزانرێت لەماڵدا، لەکاتێکدا ئەم ئامرازە بەدرێژای مێژووی کۆمەڵگەی کوردی سەرچاوەی بەدیهێنانی نەگبەتی و نەهامەتی بووە، بەتایبەت لەنێو ماڵەکانداو، هۆکارێك بووە بۆ پەنابردن بۆی لە دۆخە ناهەمووارو هەڵچوونیەکاندا بەتایبەتریش لەلایەن ژنان و ئافرەتانەوە،لەئێستادا کەژنان و ئافرەتان بوونی ئەم ئامرازە لەنێو ماڵەکانیاندا بەپێویستی دەزانن مانای نەبوونی ئارامی و دڵنیاییە لەنێو ماڵەکانداو جەخت لە بوونی جیاوازی جێندەری و دۆخێك دەکاتەوە کەپێویستی بەبوونی ئامرازێکی وەك چەك هەبێت بۆ خۆپاراستنی ئافرەتان، لەلایەکی ترەوە جەختکردنەوەی ئافرەتان بۆ بوونی چەك لەنێو ماڵەکانیاندا پێماندەڵێت کۆمەڵگەی کوردی هێشتا کۆمەڵگەیەکی زبری توندوتیژەو لە داواکردن و گوزاشتکردن لە مافەکانی ئامرازێکی وەك چەك بەپێویست دەزانێت، لە کۆمەڵگەی ئەوهاشدا جیاوازی جێندەری بوونی دەبێت .

خاڵێکی تر کە نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (72،91%) جەختیان لەسەر کردۆتەوە دیاردەی فرەژنییە کەتاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆو سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنە هەمەلایەنانەی کەلەتەواوی دونیادا کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پێی گەیشتوون بەڵام هێشتا کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیوە بەتەواوی خۆی لەدیاردەیەکی خراپی وەك فرەژنی داماڵێت کەبە مۆتەکەی نێو خەون و خەیاڵەکانی ژنان و ئافرەتان دادەنرێت و ئەتوانین وەك فاکتەرێك بۆ بوونی جیاوازی جێندەری لەم کۆمەڵگەیەدا دیاری بکەین، ئەمەش جارێکی تر دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەهۆشیاری سەبارەت بە ماف و بەرپرسیارێتیەکان لە کۆمەڵگەی کوردیداو لەلای هەردوو ڕەگەزی نێرو مێَ نەگەیشتۆتە ئاستێکی وا کە دیاردەیەکی نەرێنی وەك فرەژنی نەهێڵێت .

دواتر لەبڕگەی (3)ی ناو خشتەکەدا نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (59.72%) دووپاتی ئەوەدەکەنەوە کە کۆمەڵگە کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارییەو لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریشدا ماف و ئەرکەکان لاسەنگن و جیاوازی جێندەری بوونی هەیە.

نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (53،47%) سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بەفاکتەر دادەنێن بۆ دروستبوونی جیاوازی جێندەری، دەشێ هۆکاری ئەم تاوانبارکردنەی لێتوێژەران سەبارەت بەسیستەمی سیاسی بگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەدرێژای کار کردنیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەیان توانیوە دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە وەك کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان بەڕێوەبەرن تاوەکو مافی یاسایی تەواوی تاکەکانی بە پیرو گەنج و منداڵ و ژن و پیاوەوە پارێزراوبێت و، یەکسانی جێندەری بەرقەراربێت. بەدڵنیاییەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کەیاسا سەروەر نەبێت و دامەزراوەکانی نەتوانن بەتەواوەتی یاسا سەروەرو جێبەجێ بکەن،ڕێکخراوەکانی ژنانیش ناتوانن بە ئەرك و فەرمانەکانیان وەك پێویست هەستن و کاریان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان وئافرەتان سنووردار دەبێت، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ئەو ئەنجامەیە کەلە بڕگەی(5)ی، ناوخشەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە .

یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کەنمونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان پێداوە ئەوەیە کە ئافرەتان لەم کۆمەڵگەیەدا نەیانتوانیوە وەك پێویست بگەنە پێگە گرنگەکانی دەسەڵات و ڕێژەی(50%)ی نمونەکە جەختیان لەسەر کردۆتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ بوونی جیاکاری جێندەری دەگەڕێتەوە کە ڕێگرە لەوەی کە ئافرەتان هاوشان بەپیاوان بێنە گۆڕەپانی کارەوەو هەنگاو بنێن بۆ وەرگرتنی جومگە هەستیارەکانی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدارییەوە تاوەکو داکۆکی کارین لەمافەکانیان و هەوڵبدەن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی مەدەنیانە لەکۆمەڵگەداو یەکسانی جێندەری بچەسپێنن.

کەواتە لەوەڵامی ئەم ئامانجەی توێژینەوەکەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بۆ دیاریکردنی وورده فاکتەرەکانی بەرپرس لەجیاوازی جێندەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هێڵێکی دوو ئاڕاستە بوونی هەیە بەو مانایەی کەتەواوی ئەو وورده فاکتەرانەی خرانەڕوو لە کۆمەڵگەی کوردیداو ئەشێ چەندین وورده فاکتەری تریش کە ئەم توێژینەوەیە نەیتوانیوە بیانخاتەڕوو بەرپرسبن لە چڕکردنەوەی جیاوازی جێندەری و هەروەها بە ئاڕاستەیەکی تریشدا جیاوازە جێندەری بەرپرس بێت لە زەقکردنەوەی ئەم وورده فاکتەرانەدا.

## ئامانجی دووەم- هەستکردنی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی بەبوونی جیاکاری لەسەربنەمای ڕەگەزی:

خشتەی (4) هەستکردنی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی بەبوونی جیاکاری لەسەربنەمای ڕەگەزی

| بڕگە | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| هەستکردنی ئافرەتان بەبوونی جیاوازی ڕەگەزی لەژیانی تایبەتیاندا. | 85 | %59،02 | 59 | %40،97 |

بەپێی خشتەی(4) دەردەکەوێت کەنمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (59،02%) هەستدەکەن کەجیاوازی ڕەگەزیان بەرامبەر دەکرێت لەژیانی تایبەتیانداو ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەرەڕای گەشەکردنی کۆمەڵگەو بەرەوپێش چوونی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردیداو هەوڵدانی ڕێکخراوەکان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی جێندەری بەڵام جیاکارییەکە بوونی هەیەو هەستی پێدەکرێت.

خشتەی(5) دەستنیشانکردنی لایەنی بەرپرس لەدروستبوونی جیاوازی ڕەگەزی لەکۆمەڵگەی کوردیدا

| بژاردەکان | دووبارەبووکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کلتوور | 35 | %41.17 |
| سیاسەتی کۆمەڵگە | 24 | %28،23 |
| پەروەردەی خێزانی | 15 | %17،64 |
| ئایین | 11 | %12،94 |
| کۆی گشتی | 85 | |

خشتەی(5) لایەنی بەرپرس لە دروستکردنی جیاوازی جێندەریدا ڕووندەکاتەوەو، گۆڕاوی(کلتوور)یش، وەك بەهێزترین لایەنی بەرپرس لەجیاوازی جێندەری دەردەکەوێت،ئەمەش مانای وایە کلتووری کۆمەڵگەی کوردی کلتوورێکی پیاو سالاری خێڵەکیە کە سەرەڕای کرانەوەی کۆمەڵگەو بە رووکەش ئازادکردنی ئافرەتان بەڵام هێشتا جیاوازی جێندەری و نادادپەروەری لە دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکان لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا بوونی هەیە، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ڕۆژانە ئافرەتان دەکرێنە قوربانی بیرو بۆچوونە دواکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگەو دیاردەگەلێکی وەك خۆسوتاندن و کوشتن لەسەر شەرەف و فرەژنی بەرامبەر بەژنان و ئافرەتان لە پیادەکردندایە.دواتریش هەریەك لە گۆڕاوەکانی وەك سیاسەتی کۆمەڵگەو پەروەردەی خێزانی و ئایین بەرێژەی جیاواز دێنە پێشەوە.کە هەریەکەیان بەرپرسن لە جیاوازی ڕەگەزی لەم کۆمەڵگەیەدا.

خشتەی (6) ئەو ڕۆڵەی کە ئافرەتان پێیان باشە ببینن لە کۆمەڵگەی کوردیدا

| بژاردەکان | دووبارەبووکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەموو ئەو ڕۆڵانەی کە پیاوان دەیبینن بەبێ جیاوازی. | 109 | %75،69 |
| تەنها کابان و دایك | 25 | %17،36 |
| سەرداری خێزان | 10 | %6،94 |
| کۆی گشتی | 144 | |

خشتەی(6) بۆمان دەردەخات کەئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی ئارەزوومەندی هەموو ئەو ڕۆڵانەن کە کۆمەڵگە دەیداتە پیاوان و نایداتە ژنان، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی تواناو ویستی ئافرەتان و ژنان بۆ بینینی ڕۆڵە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە ئامادەیە بەڵام ئەوەی ڕێگری دەکات و دەبێتە کۆسپ کۆمەڵێك گۆڕاوە کە کولتوور لەناویاندا بەبەهێزترین گۆڕاوی بەرپرس لەم بابەتە دێتە پێش دواتر تەواوی گۆڕاو هۆکارەکانی ترو وورده فاکتەرەکان دێنە نێو بابەتەکەوە.

**ئامانجی سێیەم: دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا:**

خشتەی(7) ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

| ژ | بڕگەکان | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنایەتی ژنان و ئافرەتان سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا | 133 | %92،36 | 11 | %7،63 |
| 2 | هەستکردنی ژنان بەوەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان داکۆکی کاریێت لە مافەکانیان. | 64 | %44،44 | 80 | %55،55 |
| کۆی گشتی | | 144 | | 144 | |

بەپێی خشتەی(7) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی(92،36%)ی، نمونەی توێژینەوەکە ئاشنایەتی و زانیاریان هەیە سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژن لەم کۆمەڵگەیەداو بەهەر شێوەیەك بوویێت هەوڵیانداوە بوون و کارو چالاکیان بگەیەنن بە ژنان و ئافرەتان، بەڵام بڕواو متمانەی ژنان بەکاری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان وەك پێویست نیە کە داکۆکی کاریێت لە مافەکانیان و،ڕێژەی(55،55%) نمونەکەش جەختی لەسەر ئەکەنەوە، مانای وایە کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا وەك پێویست نیەو،کارەکانیان بۆ بەرەوپێش چوونی کەیسی ژنان و کەمکردنەوەی جیاوازی جێندەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا سنووردارەو هێشتا بێ کەم و کورتی نیە.

**ئامانجی چوارەم- تێڕوانینی ژنان و ئافرەتان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان لەنمونەی چوونە دەرەوەو جگەرە کێشاندا:**

خشتەی(8) تێڕوانینی ژنان و ئافرەتان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان لەنمونەی چوونە دەرەوەو جگەرە کێشاندا

| ژ | بڕگەکان | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕای ئافرەتان سەبارەت بە بەشداریکردن لەدانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان | 97 | 67،36 % | 47 | %32،63 |
| 2 | ڕای ئافرەتان سەبارەت بە کێشانی جگەرەو نێرگەلە لە دانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان. | 28 | 19،44 % | 116 | %80،55 |
| کۆی گشتی | | *144* | | *144* | |

ئامانجی چوارەمی نمونەی توێژینەوەکە جەخت لە دوو مافی سەرەتایی ژنان و ئافرەتان دەکاتەوە کە لەپیاواندا زۆر بە سادەیی و ئاسانی بەدەستدێت. ئەویش چوونەدەرەوە بۆ کافێ و قاوەخانەکان و جگەرە کێشانە لەئەنجامدا ڕێژەی (67،36%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان ئاساییە ژنان و ئافرەتان بەشداربن لە دانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکاندا بکەن، بەڵام ڕێژەی(80،55%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان ئاسایی نیە کەژنان و ئافرەتان بەشداربن لە کێشانی جگەرەو نێرگەلەی ناو کافێ و قاوەخانەکاندا کە هۆکاری ئەمەش بۆ خراپی مادەکانی وەك جگەرەو نێرگەلە کێشان لەسەر تەندروستی ژنان و ئافرەتان ناگەڕێتەوە، هێندەی بۆ کلتووری و ڕوانینی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

**ئامانجی پێنجەم: دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان هاتنەدەرەوەی ژنان و ئافرەتان بۆ بەشداری کردنیان لەدانشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان لەگەڵ هەریەك لەگۆڕاوەکانی: (تەمەن، باری خێزانی، ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێوی).**

خشتەی(9) پەیوەندی لەنێوان هاتنەدەرەوەی ژنان و ئافرەتان بۆ بەشداری کردنیان لەدانشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان لەگەڵ هەریەك لەگۆڕاوەکانی(تەمەن، باری خێزانی، ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێوی) دەخاتەڕوو.\

| بڕگە | گۆڕاوەکان | | بەهای(کا)بەدەستهاتو | بەهای(کا)خشتەیی | ئاستی دەلالەت | پلەی ئازادی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاتنەدەرەوەی ژنان و ئافرەتان بۆ بەشداری کردنیان لەدانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان | تەمەن | (35-18) | 5،4 | 5،99 | (0،05) | 2 | جیاوازی بوونی نیە |
| | | (53-36) | | | | | |
| | | (71-54) | | | | | |
| | باری خێزانی | خێزاندا | 3،62 | 3،84 | | 1 | جیاوازی بوونی نیە |
| | | ڕەبەن +جیابووەوە + تاکمردوو | | | | | |
| | ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار +دەخوێنێت و دەنوسێت+ سەرەتایی | 4،84 | 5،99 | | 2 | جیاوازی بوونی نیە |
| | | ناوەندی+دوا ناوەندی | | | | | |
| | | پەیمانگە+زاز کۆ+خوێندنی بالاَ | | | | | |
| | ئاستی | باش | 0،67 | 5،99 | | 2 | جیاوازی بوونی نیە |
| | | ناوەند | | | | | |
| | | خراپ | | | | | |

لەخشتەی (9) ئامانجی چواردا بۆمان دەرکەوت کە ژنان و ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی ڕایان لەسەر چوونە دەرەوە هەیە بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکان، وەك مافێکی سادەو سەرەتای بۆ ژنان و ئافرەتان لەم کۆمەڵگەیەداو، وەلآمی لێتوێژەران بۆ ئەم بابەتە ڕێژەی (67،36%)ی بەدەستهێناوە، بەلآم لە ئامانجی پێنجەمدا بۆ توێژینەوەکە دەمانەوێت بزانین ئایە هەریەك لە گۆڕوە سۆسیۆدیمۆگرافییەکانی (تەمەن، باری خێزانی، ئاستی خوێندەواری، ئاستی بژێوی)، جیاوازی دروستدەکەن لەوەلآمدانەوەی پرسی چوونەدەرەوەی ژنانداو لە ئەنجامیشدا:

1. گۆڕاوی تەمەن: لەبەرئەوەی بەهای (کا) بەدەستهاتوو=5،4، بچووکترە لە بەهای خشتەیی(کا) =5،99 بەئاستی دەلالەتی(0،05) ویلەی ئازادی(2). کەواتە جیاوازی واتایی بوونی نیە لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی تەمەن لەنمونەی توێژینەوەکەدا بۆ وەلآمدانەوەی چوونە دەرەوەی ژنان و ئافرەتان و بەدەستهێنانی مافی سەرەتای خۆیان. بەڕوونتر واتە بەبێ جیاوازی و لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی تەمەن لای ژنانی کۆمەڵگەی کوردی ئارەزووی بەدەستهێنانی ئەو مافە سەرتاییەی خۆیان دەکەن کە چوونەدەرەوەو بەشداری کردن لە دانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکاندا .

2. گۆڕاوی باری خێزانی: لەبەرئەوەی بەهای (کا) بەدەستهاتوو =3،62 ، بچووکترە لە بەهای خشتەیی (کا) =3،83، بەئاستی دەلالەتی(0،05) ویلەی ئازادی (1).کەواتە جیاوازی واتایی بوونی نیە لەنێوان خێزاندارو ئەوانەی کە خێزانیان نیە یان جیابووەوەن یان تاکمردوون لەنمونەی توێژینەوەکەدا بۆ وەلآمدانەوەی چوونە دەرەوەی ژنان و ئافرەتان لە بەدەستهێنانی ئەو مافە سەرەتاییەی خۆیان.

3. گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری: لەبەرئەوەی بەهای (کا) بەدەستهاتو و=4،84، بچووکترە لە بەهای خشتەیی(کا) =5،99 بەئاستی دەلالەتی (0،05) ویلەی ئازادی(2).کەواتە جیاوازی واتایی بوونی نیە لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندەواری لەنمونەی توێژینەوەکەدا بۆ وەلآمدانەوەی چوونە دەرەوەی ژنان و ئافرەتان لە بەدەستهێنانی ئەو مافە سەرەتاییەی خۆیان.

4. ئاستی بژێوی: لەبەرئەوەی بەهای (کا) بەدەستهاتوو =0،67، بچووکترە لە بەهای خشتەیی(کا) =5،99 بەئاستی دەلالەتی (0،05) ویلەی ئازادی(2).کەواتە جیاوازی واتایی بوونی نیە لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی بژێویداو لەنمونەی توێژینەوەکەدا بۆ وەلآمدانەوەی چوونە دەرەوەی ژنان و ئافرەتان لە بەدەستهێنانی ئەو مافە سەرەتاییەی خۆیان.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1. ڕێژەی (53،47%)ی، نمونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (18-35)ساڵیدایەو، ڕێژەی (78،47%)ی نمونەی توێژینەوەکە فەرمانبەرن و،هەروەها ڕێژەی (72،22%)ی، نمونەی توێژینەوەکە خێزاندارن و، ڕێژەی (79،16%)ی، نمونەی توێژینەوەکە ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان لەنێوان (2-6)ئەندامدایە، ڕێژەی (32،63%)ی، نمونەی توێژینەوەکە خاوەن بڕوانامەی زانکۆو پەیمانگەن،هەروەها ڕێژەی (70،13%)ی، نمونەی توێژینەوەکە لەئاستێکی بژێوی مام ناوەندا ژیان بەسەر دەبەن.
2. ڕێژەی (59،02%) نمونەی توێژینەوەکە،هەست بەبوونی جیاوازی ڕەگەزی دەکەن لەژیانی تایبەتی خۆیاندا. هەروەها بەڕێژەی (41،17%)ی نمونەی توێژینەوەکە کلتوور بەبەرپرسی یەکەم دادەنێن بۆ جیاوازی ڕەگەزی.
3. ڕێژەی (92،36%)ی نمونەکە ئاشنایەتیان هەیە سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان، هەروەها ڕێژەی (55،55%) نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان داکۆکی کارێن لەسەر مافەکانیان.
4. ڕێژەی (50%)ی نمونەکە پێیان وایە کە ئافرەتان و ژنان نەیان توانیوە بگەنە پێگە گرنگەکان دەسەڵات و هەروەها هۆکارەکەی بەڕێژەی( 59،72%) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارییە.
5. ڕێژەی (72،91%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە لەناو چەند دۆخێکی نەخوازراودا کە دووچاری ژنان و ئافرەتان دەبێتەوە، فرەژنی بەربلآوترینیانە، هەروەها دیاردەی خۆسوتاندنی ئافرەتان و ژنانیش بە ڕێژەی (91،66%)بە دیاردەیەکی ئەنقەستە نەك قەزاو قەدەر وەسفدەکەن، لە کاتێکدا کۆمەڵگە بەبەردەوامی وەك قەزاوقەدەر پەردەپۆشی دەکات.

6. ڕێژەی (55،55%)ی، نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەدا،یەکسانی جێندەری ڕووی لەزیادبوون کردووە، هەروەها ڕێژەی (75،69%) نمونەی توێژینەوەکە پێیان باشە کە ژنان و ئافرەتان بەبێ جیاوازی تەواوی ئەو ڕۆڵانە ببینن کە پیاوان دەیبینن.

7. ڕێژەی (65،97%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە ئایین ڕۆڵی چالاکانەی نەبینیوە لەکەمکردنەوەی جیاوازی جێندەریدا،هەروەها بەرێژەی(63،19%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان باشە کەکێشە جێندەرییەکان لەچوارچێوەی یاسادا چارەسەر بکرێت.

8. ڕێژەی (87،5%)ی نمونەی توێژینەوەکە، پێیان باشە کە یەکسان بکرێن لەتەواوی ماف و بەرپرسیارێتیەکانیاندا لەگەڵ پیاواندا، بەڵگەش بۆ ئەم دەرئەنجامە ئەوەیە کە ژنان و ئافرەتانی نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (63،88%)پێیان ئاساییە بەشداربن وەك پیاوان لەشەڕی دژی داعشدا.

9. ڕێژەی (53،47%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کاری نەکردووە لەسەر گەشە سەندنی یەکسانی جێندەری.

10. ڕێژەی (75%)ی نمونەی توێژینەوەکە، لەنێو خێزانەکانی خۆیاندا خاوەنی چەکی تایبەتی خۆیان نین بەڵام ، بەرێژەی (81،25%)بوونی بەپێویستی دەزانن بۆ خۆپارێزی.

11. ڕێژەی (67،36%)ی نمونەی توێژینەوەکە، هاتنەدەرەوەی ئافرەتان و بەشداری کردن لە دانیشتنەکانی ناو کافێ و قاوەخانەکانیان لەلا ئاساییە،بەڵام ڕێژەی (80،55%) یان کێشانی نێرگەلەو جگەرە لەلایەن ئافرەتان و ژنانەوە بە ئاسایی نابینن.

12. ڕێژەی (65،27%)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان ئاساییە کەبەناوی دایکیانەوە بانگ بکرێن لەجیاتی ناوی باوکیان.

## ڕاسپادەو پێشنیارەکان:

### یەکەم- ڕاسپاردەکان:

1. هەوڵدانی دام ودەزگاکانی حکومەت بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان و ژنانی ناو فەرمانگاکان لە ئەرك و مافە یاساییەکانیان ئەویش بە ئەنجامدانی کۆڕو سیمینار لە سەر ئاستی دامەزراوە جیاوازەکانی.

2. کارکردنی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نوسراو بینراوبیستراوەکانەوە بۆ ئاشناکردنی ژنان و ئافرەتان بە بەبەرنامەو پرۆگرامە جیهانیەکان کە ئەنجام دەدرێن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان و کەمکردنەوەی جیاوازی جێندەری.

3. هەوڵدانی ئەندامانی خێزان بەتایبەت دایکان و باوکان بۆ بەرپاکردنی کەشێکی یەکسان و دادپەروەرانە لەپەروەردەکردن لەنێو خێزاندا لەپێناو بەرقەرارکردنی یەکسانی جێندەری.

4. هەوڵدان بۆ چەکەرە پێکردنی تۆوی یەکسانی جێندەری لەنێوان ڕەگەزی نێرومێدا هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەن و ئەمەش بە باخچەی ساوایان دەستپێدەکات و بە دامەزراوە پەروەردەییەکان و خوێندنی باڵا بەردەوام دەبێت بە ئامانجی ئەوەی کە یەکسانی جێندەری لەنێو کۆمەڵگەدا بکرێتە بەها.

### دووەم: پێشنیارەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بابەتی جێندەری و بەشێوەیەکی بەردەوام تاوەکو بەشێوەیەکی زانستی ئاگاداربین لەهەر گۆڕانکارییەك کەلە ئەرك و ماف و تێڕوانینەکان بۆ بابەتی جێندەریدا ڕوودەدەن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

2. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕەوش و بارودۆخی ژنان لەدەرەوەی سەنتەری شارەکاندا تاوەکو دۆخی ژنان و ئافرەتان لەناوچەکانی دەرەوەی شاریشدا بزانرێت.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە تەواوی پارێزگاکان هەرێمی کوردستاندا لەسەر هۆکارەکانی جیاوازی جێندەری بۆ ئەوەی ئاگادار بین لە ئەگەری بوونی هەر جیاوازییەك لە هۆکارەکاندا بەپێی جیاوازی شوێن و ناوچەکان .

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان :

بەگیخانی، نەزەند و ئەوانی دی. (2010). توندوتیژی و کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف لە کوردستانی عێراق و ناو کۆمینتی کورد لە شانشینی یەکگرتودا. هەولێر : سەنتەری جێندەر و لێکۆڵینەوەی توندوتیژی.

ۆتۆڵ، گاستۆن .(2006). کۆمەڵناسی جەنگ. و، مەنسور تەیفوری، سەردار حەسەنی. سلێمانی: بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

جیهانبەگلو، رامین.(2010). زەینی زستانی، و ، یاسین حەمە سەعید، سلێمانی: نێوەندی هەژان.

سیوەیلی، ڕێبوار.(2008). نەتەوەو حەکایەت، بەرگی 1، هەولێر: دەزگای موکریانی.

سیوەیلی، ڕێبوار.(2008). ترسان لە فەلسەفە. هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی.

سیوەیلی، ڕێبوار. (2010). پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی . هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاو کردنەوەی موکریانی.

غریب، تەحسین حمە .(2009). گۆزەی کۆڕو ئاوی فیکر ، بەرگی یەکەم، سلێمانی :چاپخانەی یاد.

قانع، مەریوان وریا(2006). ،سەرەتایەك دەربارەی فیمینیزم. گۆڤاری ڕەهەند،ژمارە18-19،سلێمانی : چاپخانەی ڕەنج.

میران، رەشاد.(2010). چەند بابەتێکی ئیتنۆ- کۆمەڵایەتی .بەرگی یەکەم، هەولێر : دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

برکات، حليم.(2006). المجتمع العربي المعاصر، بحث استطلاعي.بيروت: مركز دارستات الوحدة العربية،ط9.

حوسو ، عصمت محمد .(2009).الجندر (الابعاد الاجتماعية والثقافية). دار الشروق ، رامالله،ط1، 2009.

أبورياش وأخرون، حسين .(2006). الاساءة والجندر. عمان : دارالفكر.

حامد، عبدالناصر سليم. (2012) . معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية، عمان :دار اسامة للنشر و التوزيع.

دورتية ،جان فرنسوا .(2009) .معجم العلوم الانسانية ،ترجمة د. جورج كتورة، ابوظبي :كلمة ومجد للمؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

صالح، قاسم حسين.(2006) ، سيكولوجيا عراقية. بغداد : د.ن.

عاملى و اخرون ،سعيد رضا .(2011).، الدين و العولمة، فرص و تحديات، تعريب،خليل زامل العصامى،بيروت : مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامى.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

Moghadam، Valentine M, ( 2003). Modernization Women, Gender and Social Change in the Middle East. Second Edition، London: Lynne Rienner Publishers.